www.kurdistannet.org

زەماوەندی کاوەی ئاسنگەر

ـتـەلـەفـۆنـم بـۆ ئـاغـاکـەی نـەرویـژ کـرد داوای ١٧ هـەزارکـرۆنیکـرد ، وادەزانـێ مـن کـورەزای کـاوەی ئاسنگەرم و من نەورۆزم داهێناوە.

ـگـۆرانـی بێـژی جـاران کـەی وابـوون ،لـە سـێ رۆژی زەمـاوەنـدێ بـەنـان ئـەشقـەمـێ رازی دەبـوون ، ئێستـا هـەریـەکـە داوای چـوار شیـربـایـی دەکـا.

ـلەکوێ دەرویێشێکی تەکیە بهێنم ، جاخۆ گۆرانی ئەمرۆ بستێکـی لـەحـاڵکـردن دوورە.

ـچارنییە ، تەلەفۆن بکە بۆ کابرای قەراتێ بابێت و نـەورۆزەکـەمـان بـۆ گـەرم بکـات!

ـکاکە !تۆ ئەڵەی چی ؟ گۆرانی ئەوبرادەرە هەمووی فلیمـی رووتـە.

ـجا گۆرانی کوردی کوا وێراویەتی لە باسی ناوك بەرەو خـوارتـربـروات.بـۆ تـوشـی گـونـاحمـان ناکەیت ؟

www.kurdistannet.org

ـباشه، باشه ! ئەوە ڕوت نییە کەدەڵێ :
بەڕۆژە ڕۆژە ساڵت بردەسەر
کراسەکە دڕاو هێنتکەوتەدەر

ـکەیفی خۆتە بڕۆ کابرای بەر قەلاتی هەولێر بێنە با دعایەی کارەبات بۆ بکات . بزانە خەڵکی تۆزێ هەستی کوردایەتیشیان تێیایە لەوە کاڵتر نابنەوە. با هاواریکات و بڵێ:
چەند جوانی چەند مەستی تازەلەخەوهەڵدەستی
پرچت تێلی کارەبا مەمکت گلۆپی شەستی

ـکاکە ! وەڵلا ڕاست دەڵێی ئەوەکەی گورانیە خۆ لە دائیرەی کارەبا دانەنیشتوین !

www.kurdistannet.org

ـئەی من چی ئەڵێم ، یارۆش ئەڵەی کەباب ئەبرژێنێ ئەوەندە دەستی دەهێنێت و دەبا . ئەمە چییە یەككجار زوو باپیری کچەناوێکی بەناو میناوە لەبێری دیوەو چـــــــــــوەتـــــــــــــە دڵیـــــــــــــەوە.

ـدەوازبێنـە ! گـۆرانـی کـوردی هـەروایـە.بەسنیە ئەو لـە هــە رچــوارپــاچــەکــەی کــوردوستــان نــاســراوە.

ـپــارچــەی چــی و پینــەی چــی ؟ داوای خــوێنــی بـــــــابـــــــــی(زوحــــــــــاك)دەكــــــــا.

ـ ئەی ئەتەوێ نەورۆزنەکەین؟

ـباشە دەی برام بابێن و هەرسێکیان بگرە..

ـهیـوادارم وەك سـاڵی پـاری لێنـەیـت کـە وەك بـەقـی بەهاران ئەو لەڕقی ئەویتر زیاتر گورانی دەووت و بوە شەڕ.تازە لەشەڕی براکوژی ڕزگارمان بوە جا نۆرەی شـــــــــەڕی گـــــــــــورانـــــــــــی بێـــــــــــژە.

ـجا ئەوە جاری پێشو (کلینتۆن) ناوبژیکرد ، خۆ بەخوا (مایکڵ جاکسۆن) هەرییزی نایێت بێت بەلای کوردا ، ڕەنگـــە هـــەرنـــاوی کـــوردیشـــی نـــەبیستبـــێ..

www.kurdistannet.org

ـوا ئـەم کـەڕەتـەش ئـاشکـە مـان ئـەدەینـە دەست خـودا خـۆخـۆمـان نـاتـوانیـن هـەقـی خـۆمـان وەرگـریـن ، ساوەریشبـێ هـەرباشـە.هـەمـوومـان ڕۆڵـەیهـەژارین.

ئاسۆ بیارەی
سوید_٢٠٠٢_٣_٢١